# ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان

## ئەحمەد دەشتی

لەم ماوەیەدا کۆلکە نوسەرانێ دوژمن بە خاک و نەتەتەوەکەمان پەیدا بوونە کە نەیارانە بەربوونەتە گیانی خۆیی و چونەتەوە ناو قالکی جارانی خۆیان و بەناوی ڕۆشەنبیریەوە خامەی چەپەل و گڵاوەکانیان بۆ خزمەت بە داگیرکەرانی کوردستان خستۆتە کارو لە هیچ شتێک ناپەنگێنەوە و دڵی ئاغاکانی خۆیان شاد دەکەن و بێ ئابڕوانە پەلاماری هەموو و مردۆێکی نیشتمانپەروەرو دڵسۆزان و بزوتنەوەی ئازادی خوازی کوردو کوردستان دەدەن و بەرامبەر هەموو پیرۆزیەک و موقەدەساتێکی گەلی کورد زۆر کەسیفانە گوناە دەکەن و سوکایەتی بە هەستی پاکی ملیۆنها مرۆڤی کوردو نیشتمانپەروەران دەکەن و بەوپەری ڕوو ڕەشیانەوە پڕوشکان داوێن و تاوانان دەکەن و وشەی پڕو پوچ و دوژمنکارانە دژ بە هەموو هەست و خەبات و تێکۆشانێکی کوردانی دڵسۆز و کوردستان دەکەن و شلم کوێرە ناپیارێزم هەستی دوژمن پەرستانەیان بۆ دڵخۆشی نەیارانی کوردو کوردستان بڵاو دەکەنەوە،کە ئەم جۆرە نوسینانە جگە لە ڕیسوا بوون و سەدان تف و نەفرین کردن لە خودی نوسەرانی ئەو پڕوپوچیە بەو لاوە هیچ کاریگەریەتێکی تری نیەو هەر چەند ئاوا بێ شەرمانە پەلاماری کوردستان بدەن دیارە کە تەنیا ڕووی خۆیان ڕەشتر دەکەن ، ئەم جۆرە کەسانەش کە پاشماوەی بەعسیان و دوژمنانی گەلی خۆیانن و قەت کوردایەتیان نەکردوە و هەرگیزاو هەرگیز جێگەیان لە ناو گەلی کوردیش نابێتەوەو گەلی کورد بۆ هەتایە تف و نەفرین لەو نوسینانەو خاوەنەکانیان دەکات کە ئاوا بێ شەرمانە وشەی ناشرین و چەپەل لە دوای یەک دا ڕێز دەکەن و ئاوا خزمەت بە نەیارانی کوردو داگیرکەرانی کورد دەکەن و تەوهین بە هەموو پیرۆزیەکی کوردستان دەکەن.
لەم ڕۆژانەداسوکایەتیەکی زۆر دوژمنکارانەو نامەردانەم دژ بە گەورەترین و پیرۆز ترین سرودی میللی ونیشتمانی کوردستان کە سرودی (ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان ) خوێندەوە کە بە تەوهێنێکی تا بڵێی گەورەو گاڵتە کردن بە گەورەترین سرودی نیشتمانی و لایەنەکان و ئاڵای کوردستان و بوونی گەلی کورد خوێندەوە کە ئەمەش بۆ خۆی تەنیا هاکاران و خۆفرۆشان و خائینان و نۆکەرانی داگیرکەرانی کوردستانن کە دەیکەن ، من وەک کوردێکبە خاوەنی ئەو نوسینانەی دژبە کوردو کوردستان و تەوهین بە سرودی میللی کورد دەڵێم تف لە چارەو ڕووی ڕەشتان و ئەو هەستە پیس و چەپەڵ وبۆگەن و ڕەفتارە دوژمنکاریانەتان کە بە کوردو کوردستان دەیکەن. دیسان دەڵێم (ئەێ ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان نایشکێنێ دانەیی تۆپی زەمان کەس نەلێ کورد مردووە کورد زیندووە و قەت نانەوێ ئاڵاکەمان) هەزاران تفو نەفرین لە چارەی نەیاران و هەموو ئەوانەی کە تەوهین بە پیرۆزیەکانی کورد دەکەن هەزاران هەزار سڵاویش لە گیانی پاکی ئەو شاعیرەنەمرەمان دلدار کۆیی کە سرودی ئەی ڕەقیبی داناو بوو بە سروودی میللی کوردو چاوی نەیارانی کوردی پێ کوێر کردووە و هەزاران نەفرینیش لە قەلەم فرۆشان و ناکەس و نامەردانی دژ بە کوردو کوردستان و سڵاویش لە هەموو دڵسۆز و نیشتمانپەروەرێکی کورد و کوردستان.. 9.9.2004